# پەیامی پەروەردە و گۆشکردن لە هۆنراوەکانی م. فەرەیدوون عەلی ئەمین

ئەرسەلان حەسەن
(سلێمانی)

## پوختە

لەم توێژینەوەیەدا باسی (پەروەردە و گۆشکردن لە هۆنراوەکانی م. فەرەیدوون عەلی ئەمین) دەکەین کە بۆ منداڵانی نووسیوە. لە بەشی تیۆریدا خۆمان لە پێناسە و باسە باوەکان بەدوور دەگرین و تیشک دەخەینە سەر لایەنی شیکاری و وەسف و پەیامە پەروەردەییەکان.

دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم هێشتا لە پرۆسەی خوێندندا یەکلانەبووینەتەوە، پەروەردە - گۆشکردن یەکەمە و لە پێشەوەیە، یان فێرکردن، چونکە تا ئێستاش ئەوەندەی لە ناوەندەکانی خوێندن و هاوشێوەکانی، کە زیاتر مەبەستم باخچەی منداڵان و قوتابخانە بنەڕەتییەکانە، هێندەی گرنگی و بایەخ بە فێرکردن دەدرێت، ئاوڕ لە پەروەردە و گۆشکردن نادرێتەوە و گوێی پێ نادرێت، ئەوەتا چەندان ساڵ پێش ئێستا مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین لە پێشەکی کتێبی (پاڵەوانی دواڕۆژدا) بێ پەردە و ڕاشکاوانە دەڵێت: (ئێمە لەو بڕوایەداین کە پەروەردەکردن و گۆشکردنی قوتابیان بە شێوەیەکی پوخت و ڕاست ئەکەوێتە پێش فێرکردنی زانیارییەوە - پاڵەوانی دواڕۆژ، کۆبەرهەم، ل٦٦)، لەگەڵ ئەوەی هەموومان هاوڕای ئەم بۆچوونەی مامۆستاین، بەڵام هێشتا پەروەردە - گۆشکردن نەکەوتووەتە پێش فێرکردنەوە و بە گۆڕانی پرۆگرامەکانی پەروەردەش، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

کەوایە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە مامۆستایان و گۆشکەرانی منداڵان، بە تایبەتی لە باخچەی ساوایان، لەبری ئەوەی زۆرتر خۆیان بە فێرکردنی منداڵانەوە خەریک بکەن، کە ڕاستییەکەی ناکرێت منداڵ بەو بچووکییەی کە هێشتا گرۆگاڵییەتی فێر بکرێت، بەڵکوو زیاتر گرنگی بە پەروەردەکردن – گۆشکردن و بارهێنان بدەن و واز لەوەبهێنن منداڵ فێری ئەلف و بێ و کۆمەڵێک شتی دیکە بکرێت، بە تایبەتیش بە زمانی بێگانە، لەبری ئەوە ڕۆژانە لە وانەکانیاندا، یان لە کاتەکانیاندا دەرفەتێک بۆ پەروەردە و گۆشکردن دابنێن، ئەگەرچی کەمیش بێت، دەکرێت ئەم پەروەردەکردنەش لەڕێگەی چیرۆک گێڕانەوە، یان خوێندنەوەوە بێت، چونکە منداڵ زووتر وەری دەگرێت و کتێب و گۆڤاریش دەناسێت و لەلای خۆشەویست دەبێت.

جگە لەوە، ئێستا بۆ منداڵ پشووی هاوینە، بە تایبەتی لە شار و شارۆچکەکان، هیچ مانایەکی نەماوە و منداڵ هەر کە خوێندنی تەواو بوو، بێجگە لەو خولانەی چێژ و خۆشی لێ دەبینێت و لێوەیان فێری حەز و خولیاکانی دەبێت، ڕەوانەی خولی بەهێزکردن دەکرێت، کە پێم وایە ئەوە دەبێتە سەرەتایەک بۆ بێزاربوونی منداڵ لە خوێندن و ڕق لێبوونەوەی لە کتێب و قوتابخانە، لەجیاتی خۆشویستن و حەز پێکردنی،

بۆیە ئێستاش کورد واتەنی نەچووە بچێت و دەکرێت حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە خەمی لێ بخۆن و بە بەرنامەیەکی ورد و ڕاست و تۆکمەوە قۆڵی لێ هەڵبماڵن و بێنە مەیدانەکە و چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو هەموو خول و خوێندنانە بدۆزنەوە کە بۆ تەمەنی ئێستای منداڵ نەشیاوە و سنوورێکی بۆ دابنێن تا هەر کەسە بە حەز و ئارەزووی خۆی بیر و بۆچوون و ئایدۆلۆژیاکەی بەناوی ئایین، یان هەر شتێکی دیکەوە بەسەر منداڵدا نەسەپێنێت.



**فەرەیدوون عەلی ئەمین**

بێگومان باخچەی منداڵان شوێن و هەنگاوی بەرایی منداڵە بۆ دنیایەکی پانوپۆڕ و فراوانتری داهاتوو و بناغەیەکە داهاتووی لەسەر هەڵدەچنرێت، ئەمەش وامان لێ دەکات کە بڵێین ناکرێت ئەم بەراییيە سەرەتایەک بێت بۆ بێزاری منداڵ لە خوێندن و بە پێچەوانەوە دەبێت لەو بەراییيەدا وا لە منداڵ بکەین خولیا و تامەزرۆیی و خۆشەویستی بۆ ئایندە زیاتر بێت و ڕۆژ بە ڕۆژ بخوازێت زووتر ئەو هەنگاوە بنێت و لەلای خۆشتر و کراوەتر و جوانتر بکەین، وا بکەین زیاتر و زۆرتر چێژی لێ ببینێت، هەرچەندە لەو بوارەدا هەوڵ دراوە و گۆڕانکاری بەسەر پرۆگرامەکانی خوێندندا لە باخچەی منداڵانەوە بێ و بەردەوامیشە.

**وشە سەرەکییەکان:** پەروەردەکردن، گۆشکردن، منداڵ، باخچەی منداڵان، ئایندە، چێژ، گۆڕانکاری

## ناوونیشانی توێژینەوەکە

ناوونیشـانی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە: (پەروەردە و گۆشـکردن لـە هۆنراوەکانـی بـۆ منداڵانـی م. فەرەیـدوون عەلـی ئەمیـن)دا.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی توێژینەوەکـە میتـۆدی (وەسـفی- شـیکاری) پەیـڕەو کـراوە بەخستنە ڕووی لایەنە تیۆرییەکە، لەپاڵ ئەوەشدا لایەنـی شیکاری و پراکتیکی پەیامـە پەروەردەیـی و گۆشـکردنەکانی م. فەرەیـدوون عەلـی ئەمیـن، لـەڕووی نیشـتمانی و خوێنـدن و ئـاکار و وەرزشـەوە باسـیان لێـوە دەکرێـت و شـی دەکرێنـەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

بە هۆی هەستکردنم بە پێویستیی توێژینەوەی لـەم شـێوەیە، چونکـە ئەدەبـی منـداڵان لـەم لایەنـەوە وەک پێویسـت گرنگـی پـێ نـەدراوە و ئـاوڕی لـێ نەدراوەتـەوە و وەفایەکیشـە بـۆ م. فەرەیدوون عەلـی ئەمیـن، کـە یەکـەم کتێبـی بـۆ منـداڵان (پیـاوە بچکۆلەکە)یـم خوێندووەتـەوە.

## ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە

ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە، سـەرنج خستنەسـەر ئەدەبـی منـداڵان و بایەخیەتـی لەنـاو ئەدەبـی کوردیـدا.

## پلان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

ئـەم توێژینەوەیـە زیاتـر تیشـک دەخاتەسـەر بەشـی پراکتیکی و باس لـە پەیامـە پەروەردەیـی و گۆشـکردنەکانی م. فەرەیدوون عەلی ئەمیـن دەکات، لـەڕووی (پـەروەردە و گۆشـکردن و خوێنـدن و وەرزش و ئـاکار و ڕووناکبیری)یـەوە.

## فەرەیدوون عەلی ئەمین کێیە؟

شـاعیر و نووسـەر و چیرۆکنـووس مامۆسـتا فەرەیـدوون عەلی ئەمیـن، نـاوی تـەواوی (مەلا عەلی حاجـی ئەمینـی کاکە حەمـەی ئەلیاسـە قوچەیـە) و لەگـەڵ شـاعیری ناسـراوی کـورد (فائـق بێکـەس، ١٩٠٥- ١٩٤٨) لـە بنەماڵەیەکن. لـە (١٩٣٢/٤/٢٩) لە شـاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە و خوێندوویەتی تـا خانـەی پێگەیاندنـی مامۆسـتایانی لـە سـاڵی (١٩٥٣) لـە بەغـدا تـەواو کـردووە، پاشـان لـە سـاڵی (١٩٥٧) لە زانکۆی موستەنسرییە لە بەغدا دەچێتـەوە بـەر خوێنـدن و بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە پـەروەردەدا وەردەگرێـت. لـە (١٩٩١/١١/٢٥) لە بەغـدا دڵـە گەورەکـەی لـە لێـدان دەوەسـتێت و بـە یەکجـاری چـاو لێـک دەنێـت.

## پیاوە بچکۆلەکە

ناسـین و ئاشـنابوونم بـە م. فەرەیـدوون عەلـی ئەمیـن و هۆنـراوە و چیرۆکەکانـی بـۆ منـداڵان، بـۆ کتێبـی (پیـاوە بچکۆلەکـە) دەگەڕێتـەوە، کـە لـە سـەردەمێکدا ئـەو کتێبـەم بینـی منـداڵ بـووم و ناوونیشـانەکەم بـەلاوە سـەیر بـوو، چـۆن دەکرێـت پیـاوی بچکۆلـەش هەبێـت، (دەڵێـن لەبەرانبـەر هـەر شـتێکدا شـتێکی دیکـە هەیـە، واتـا ئەگـەر گـەورە هەبێـت، بێگومـان بچووکیـش دەبێـت، وەک چـۆن چاکـە و خراپـە هەیـە)، پرسـیارێک بـوو دنـەی دەدام و بـەدوای وەڵامەکەیـدا دەگـەڕام و سـەرودەرم لـێ دەرنەدەکـرد، بـەڵام سـەرئەنجام لـە ناوەڕۆکـی کتێبەکـەدا دۆزیمـەوە و بـۆم دەرکـەوت پیـاوە بچکۆلەکـە کێیـە و بۆچـی ناویـان نـاوە پیـاوە بچکۆلەکـە.

بێگومـان ئەگـەر چاوێک بەو شیعرانەدا بخشێنین کە مامۆسـتا بـۆ منداڵانی نووسـیون، خەیـاڵ دەمانباتـەوە سـەردەمی منداڵـی و سـەرەتای خوێندن لـە قوتابخانەی

بنەڕەتی کە زۆربەی هۆنراوەکان بێجگە لەوەی لە کتێبی خوێندندان، ئەوەندە بەزمانێکی ڕەوان و سادە و ساکار نووسراون، لە تەمەنێکدا وێردی سەر زمانی زۆربەمان بوون و وتوومانەتەوە.

کاتێک شیعری (باخ)ی شاعیر دەخوێنینەوە، پێناسەیەکی ورد و جوانی باخمان بۆ دەکات و وێنەکەی دەهێنێتە بەر چاومان و پێمان دەڵێت باخ ڕازاوە و تێراوە و شوێن وماڵی پەپوولە و هەنگە و گوڵیش بۆنوبەرامەی پێ بەخشیوە و ڕەونەقداری کردووە و بیرمان دێنێتەوە ئێمە هەر یەکەمان باخەوانێکین بۆ خۆمان. شاعیر لە شیعری باخدا بەزمانێکی ڕەوان و سادە دەڵێت:

**باخەکەمان ڕازاوە**

**هەموو کاتێک تێراوە**

**شوێنی پەپوولە و هەنگە**

**هی گوڵی ڕەنگاوڕەنگە**

تا دەڵێت:

**باخەوانێکم بۆ خۆم**

**خزمەتی وا لە ئەستۆم**

بۆق یەکێکە لەو گیاندارانەی لەزۆربەی زۆری هۆنراوە و چیرۆک و نووسین بۆ منداڵاندا ناوی هێنراوە و کارەکتەرێکی دیارە و لای منداڵیش خۆشەویستە، کە شاعیر لەم هۆنراوەیەدا وێنەی بۆقێکی چوار لاقی سەر زلمان بۆ دەکێشێت و بە هۆی ئەوەی زیاتر لە گۆماو و زەلکاوەکاندا دەژی و قیرە قیرێ ئێوارەی بەهارانی سەمفۆنیایەکی دڵڕفێنمان بەگوێدا دەدات، کە شاعیر لە سەرەتای هۆنراوەکەدا دەڵێت:

**قیر.. قیر.. قوڕباقە**

**بۆقی سەر زل چوار لاقە**

هەمیشە باسی دراوسێ و دراوسێیەتی باسێکی سەر زمانی ناو کۆمەڵ و خێزانەکان بووە و بەردەوام پێمان دەوترێت کە ڕێزی دراوسێ بگرین و نابێت بە هاروهاجیمان بێزار و هەراسانیان بکەین و دەبێت خۆشمان بوێن، بە ماڵی خۆمانیان بزانین، چونکە دراوسێ وەک خزمی نزیکمان وان کە خاڵ و مام و پوورمانن (هەرچەندە لێرەدا ئامۆژگارییەکی ڕاستەوخۆیە)، شاعیر دەڵێت:

**قەدری دراوسێ بگرن**

**دراوسێتی بفامن**

**دراوسێ خاڵ و مامن**

کۆتریش وەک بۆق ئەو کارەکتەرەیە جیاواز لە زۆربەی باڵندە و گیاندارەکانی دیکە، زیاتر لای منداڵ خۆشەویستە، چونکە کۆتر بێجگە لەوەی باڵندەیەکی بێوەی و هێمنە و زیاتر لەنزیکەوە لەگەڵ مرۆڤ ژیاوە و لەژیانی مرۆڤدا یارمەتیدەرێکی باشی بووە و سەردەمێک کە زانست و تەکنۆلۆژیا ئەوەندەی ئێستاکە پێشکەوتوو نەبووە، کۆتر شوێنی نامەبەری بۆ مرۆڤ گرتووەتەوە و ڕێگەی دووری بۆ نزیک کردووەتەوە، ئەویش بە بردنی نامە بۆ مرۆڤەکان و ئاڵوگۆڕکردنی لە نێوانیاندا.

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا دیالۆگێکی نێوان منداڵ و کۆترمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە منداڵ چەندە تامەزرۆی بینینی ئەو باڵندە پەڕ لە پێیەیە و چەندی خۆش دەوێت، ئەوەتا لەجیاتی مشتێک گەنم دوو مشت گەنمی بۆ هێناوە، تا بتوانێت نەختێک ببینێت و ئەو دوو مشتە گەنمە لەبری ژەمی نیوەڕۆ بخوات، هەروەها منداڵ کۆتر بە گیانی شیرینی خۆی دەزانێت و دەڵێت:

**منداڵ:**

**کۆتری پەڕلەپێ، گیانی شیرینم**

**ئاخر حەزئەکەم نەختێ بتبینم**

**دوو مشت گەنمم هێناوە بۆ تۆ**

**بیخۆ لە جیاتی ژەمی نیوەڕۆ**

کۆتریش هەست بە حەز و خۆشەویستی منداڵ دەکات بۆی، تەنانەت ئەگەر بۆ نەختێکیش بێت

و دڵـی لـە ئاسـتی نـەرم دەبێت و سـیلەی ڕەحمـی دەتلیسـێتەوە و بێباکانـە شـلومل بـە لارولەنجـە و عیشـوەوە دێتـە خـوارەوە و پێـی دەڵـێ پێکـەوە بەدڵێکی پاکـەوە گۆرانـی دەڵێیـن، بەمنـداڵ دەڵێت:

**کۆتر:**

**باشە وادێمە خوارەوە بێباک**

**گۆرانی ئەڵێین بە دڵێکی پاک**

**باق بوو... ئیتر ئازادی باری**

**باق بوو... ئیتر نەما زۆرداری**

مـاڵ ئـەو ناوەندەیـە خێزان بەیەکـەوە کۆدەکاتـەوە و دەبێتـە شـوێن و پەناگـە و حەوانـەوەی مرۆڤـەکان و پێکـەوە ژیـان، واتـە نوایەکـە هەموومـان دەتوانیـن بـە یەکسـانی و پێکـەوە تێیـدا بژیـن و کەسـیش نەتوانێت دەسـتوەردان لـە ژیانـی نـاو ماڵـی خۆمانـدا بـکات.

شـاعیر لـە هۆنـراوەی (ناومـاڵ) بێجگـە لـەوەی بیرمـان دێنێتـەوە کۆمەڵـی کـوردەواری هەمیشـە میواندۆسـت و میوانـی لا ئازیـز و خۆشەویسـت و قـەدری لەسـەر چـاوان بـووە، کەچـی بـە پاکوخاوێنی ناومـاڵ دەیبەسـتێتەوە و ئەگـەر ناومـاڵ پـاک نەبێت، میوانیـش حـەز بـەو ماڵـە نـاکات و هانمـان دەدات بـەردەوام پاکوخاوێنـی ناوماڵمـان بیـر نەچێـت، کـە بەپێـی ئاییـنی زەردەشـتیش (ئەگـەر ماڵێـک پـاک نەبێـت، بەرەکەتـی بەسـەردا نابارێـت) و لـە ئاییـنی ئیسلامیشـدا دووپـات کراوەتـەوە، کـە میوانیـش ڕووی تـێ نـاکات. پـەروەردە و گۆشـکردنی منـداڵ بـۆ پاکوخاوێنـی لـەم هۆنراوەیـەدا خاڵـی گرنـگ و سـەرەکییە و منـداڵ ڕادێنێـت ماڵەکـەی وەک ئاوێنـە پاکوخاوێـن بێـت.

**ماڵەکەمان خاوێنە**

**پاکە وەکوو ئاوێنە**

**دایکم ئاوای ماڵیوە**

**ئەڵێی یەک پارچە زیوە**

**دیسان خۆشم خاوێنم**

**قاپ و شووشە ناشکێنم**

تا:

**دەزانم کە میوان هات**

**حەز لە ماڵی پاک ئەکات**

هـەر لـەم هۆنراوەیـەدا بۆمـان دەردەکەوێـت گـەورەکان سەرمەشـق و ڕەنگـدەرەوەی گچکەکانـن و گـەورەکان چـۆن ڕەفتـار بکەن، گچکەکانیـش بەهەمان شـێوەیە کوتومـت لاسـاییان دەکەنـەوە، چونکـە لـەم هۆنراوەیـەدا منـداڵ دەڵێـت، پاکوخاوێنـی ماڵەکـە بـۆ ماڵیـنی دایکـی دەگەڕێتـەوە، ئـەوەش وادەکات منداڵەکـە پاکوخاوێـن بێـت و پاکوخاوێنـی ماڵەکـە وادەکات میـوان ڕووی تـێ بـکات، چونکـە ئەگـەر پاکوخاوێـن نەبێـت، میوانیـش ڕووی تـێ نـاکات و پاکوخاوێـن نابێـت و بەرەکەتیشـی بەسـەردا نابارێـت.

خـوو بـەو هەڵسوکەوت و نەریتـەی مـرۆڤ دەوترێت کـە لـە ژیانـی ڕۆژانەیـدا چەنـد ڕەفتـار و کردەوەیـەک دەکات ناتوانێـت بەسـەریدا زاڵ بێـت و وازی لـێ بێنێـت، یـان نەیـکات، کـە زۆر جـار بـۆ ئەودیـوی نەسـت دەگەڕێتـەوە و لەژێـر ئیـرادە و ویسـتی مـرۆڤ خۆیـدا نییـە و دەگاتـە ئـەو ڕادەیـەی بڵێـن: (خـووی شـیری تـا پیـری)، بـەڵام شـاعیر لێـرە، لـە هۆنـراوەی (خـووی خـراپ)دا پەروەردەمـان دەکات و بارمـان دێنێـت نینـۆک بـەددان نەقرتێنیـن و ڕیپۆقـی چاومـان بەدەسـت دەرنەهێنیـن، کەوایـە چ بکەیـن؟ پێویسـتە نینـۆک بـە نینۆککـەر بکەیـن و هەمـوو بەیانییەکیـش کـە لـە خـەو هەسـتاین دەموچاومـان بـە ئـاو و سـابوون پـاک بشـۆین تـا ڕیپۆقەکـە لـە چاومـان ببێتـەوە.

**نینۆک بەددان ناقرتێنین**

**ڕیپۆق بە دەست دەرناهێنین**

بۆڕبۆڕێـن، یـان کێبرکـێ یەکێکـە لـەو یارییانـەی لای منـداڵ خۆشەویسـتە و منـداڵ حـەزی لـێ دەکات، چونکـە هـەم ڕاکـردن وزە و خۆشـییەک بـە جەسـتەی دەدات و هـەم خەڵاتیشـی بەدوادایـە و خەڵاتەکـەش

تۆپێکـە منـداڵ لەسـەر بەردەوامـی ڕاکـردن و بەتاڵکردنـەوەی وزەکـەی ڕادێنێـت کـە یاریکردنـە بـە تۆپەکـە، واتـە خەڵاتێـک نییـە منـداڵ لـە یـاری و ڕاکـردن دووربخاتـەوە و سسـتی بـکات. شـاعیر لـەم هۆنراوەیـەدا ڕوو لـە منداڵـەکان دەکات کـە خۆیـان بـۆ کێبڕکـێ و بۆڕبۆڕێـن ئامـادە کـردووە و پێیـان دەڵێـت:

**بابزانم کێ بەگوڕە**

**کێ لەڕاکردن کوڕە**

**کێ یەکەمی هەمووتان بێ**

**خەڵات تۆپێکی جوانبێ**

**لەسەر خەتێ ڕێک ڕاوەستن**

**تا نەڵێم: (سێ) نابێ دەرچن**

**کەس پێی لە خەت زیاتر نەڕوا**

**گزی نەکا، حەرام نەخوا**

**هەرکەس ئامادە ڕاوەستێ**

**ئەوا ئەڵێم: یەک و.. دوو.. سێ**

تا دەڵێت:

**وا ئاسۆ کەوتە پێش هەمووان**

**تەکانی دا وەک پاڵەوان**

**ئەی ئافەرین کاکە ئاسۆ**

**فەرموو ئا ئەم تۆپەش بۆ تۆ**

پەپوولـەش هـەر وەک بـۆق و کۆتـر کارەکتەرێکی دیکـەی دیـار و بەرچـاوی نـاو هۆنـراوە و چیـرۆک بـۆ منداڵانـە و لـە کۆمەڵگەشـدا خۆشەویسـتە و هێمنـی و بێدەنگـی ئارامـی بـە پەپوولـە چواندووە، ئـەوەش وای کـردووە نـەک هـەر منـداڵ، بەڵکـوو گەورەکانیـش شـەیدای ببـن و خۆشـیان بوێـت.

شـاعیر لـە شـیعری (پەپوولـە)دا بەجوانـی باڵـی پەپوولەمـان بـۆ دەنەخشـێنێت و شـوێنی ژیانـی کـە شـاخ و بـاخ و کێوەکانـە، بۆمـان دیـاری دەکات و بـە پێچەوانـەی کۆتـر پێمـان دەڵێـت، لەگـەڵ ئـەوەی پەپوولـە پۆسـتەچی گوڵانـە، بـەڵام نامەبـەری دڵانیشـە، بۆیە خۆشـمان دەوێت، چونکە مەبەسـتمانە و شـاعیر لـە هۆنراوەکـەدا دەڵێـت:

**ئەی پەپوولەی باڵ نەخشین**

**شاخ و باخ و کێو نشین**

**تۆ پۆستەچی گوڵانی**

**نامەبەری دڵانی**

**فریشتەی ڕەنگاوڕەنگی**

**چاکەکاری بێدەنگی**

**بۆیە خۆشەویستمانی**

**نموونەی مەبەستمانی**

پۆسـتەچی لای مـرۆڤ ئەوکەسـە جانتـا لەشـانەیە لـە فەرمانگـەی پۆسـتەوە نامـەکان دەخاتـە نـاو جانتاکـەی و جانتاکـەی بەلاشـاندا دەکات و نامەکانمان بـۆ دێنێتـە ماڵـەوە، بـەڵام پەپوولـە نە جانتـای پێیە و نـە فەرمانگـەی هەیـە، کەوایـە پۆسـتەچییەکە بـە مـاچ پۆسـتەکان دەگوێزێتـەوە و دەبێتـە هـۆی وەشـاندن و بڵاوکردنـەوەی خۆشەویسـتی، کـە سـەرچاوەکەی بـۆ مـاچ دەگەڕێتـەوە و ماچیـش ئامـاژەی خۆشەویسـتییە لای مـرۆڤ.

ئەگەرچـی دیـاری لـە کۆمەڵـی کوردەواریـدا بایـەخ و نرخـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن هێشـتا نەبـووە بـە کولتـوور و بـە بـێ دەسـت و دیـاری نەڕۆیـن بـۆ هیـچ شـوێنێک، هەروەهـا نـەش بـووە بـە کولتـوور کـە هەمیشـە دەسـت و دیاریمـان گـوڵ بێـت، گوڵیـش هـەم ڕەمـزی جوانییـە و هـەم نیشـانەی خۆشەویسـتییە و بەپێـی ڕەنگەکانیشـی ڕۆڵـی دەگۆڕێـت، خـۆ ئەگـەر دەسـت و دیاریمـان پـێ بێـت و هەندێـک جاریـش ئـەو دەسـت و دیارییـە گـوڵ بێـت، ئـەوە جاروبـارە و ناتوانیـن بڵێیـن هەمیشـەیی و بـۆ هەمـوو کاتـە.

شـاعیر لـە شـیعری (دیـاری)دا گـوڵ دەکاتـە دیـاری دەسـت و دڵمـان و دەروونمـان گـەرم دەکاتـەوە و بـە کوڵـی دێنێـت و پێمـان دەڵێـت بۆنـی گـوڵاوی یەکگرتـن، ئەمانخاتـە جۆشـوخرۆش

و بەستە و گۆرانی وتن.. کە دەڵێت:

**دیاری دەست و دڵمان گوڵە**

**دەروونمان گەرم و بە کوڵە**

یان

**بۆنی گوڵاوی یەکگرتن**

**ئەمانخاتە بەستە وتن**

پێویستە لێرەدا ئەوە بیربێنینەوە کە هەمیشە شاعیرەکان لە هۆنراوەکانیاندا بەهۆی چەوساندنەوە و مەینەتی میللەتەکەمان، داوای یەکێتی و یەکڕیزی و پەروەردەیان کردووە و گۆشیان کردووین کە چۆن دەبێتە پەیژەیەک بۆ سەرکەوتن و زەفەر پێ نەبردنمان و نەبوونی یەکێتی و یەکڕیزی بووەتە دەردێکی کوشندە و ئێستاشی لەگەڵدابێت میللەتەکەمان پێوەی دەناڵێنێت.

شاعیر لە هۆنراوەی (بەستە)دا، بەستەیەکمان بۆ دەچڕێت پڕ لە ئاواز و زەمزەمە، بەڵام لەناخی دڵەوە هەڵدەقوڵێت و لەرەی ئاونگی سەر پەڕەی گوڵە و سۆز و ئاوازی بلوێری شوان و قەڵبەزەی کوێستانە، تا دەڵێت:

**بەستەیەکم لەسەر دەمە**

**پڕ لە ئاهەنگ و زەمزەمە**

**هەڵقوڵاوی ناخی دڵە**

**لەرەی ئاونگی ناو گوڵە**

**ئاوازی شمشاڵی شوانە**

**خوڕەی قەڵبەزەی کوێستانە**

**گوێم لێ بگرە وابۆت ئەڵێم:**

**«کوردم، بۆ کورد سەر دائەنێم»**

شاعیر لەدوا دێڕدا داوای گوێگرتنمان لێ دەکات تا پێمان بڵێت من کوردم و بۆ کوردیش سەر دائەنێم، بێگومان ئەگەر مرۆڤ سەری لەپێناوی هەر شتێکدا دانا، ئەو شتە لە گیان خۆشەویستترە، بۆیە سەری لەپێناودا دائەنێت و گیانی فیدا دەکات و دەیکاتە قوربانی.

## ئەنجامەکان

١- هۆنراوە نووسین بۆ منداڵان ئێستا و رابوردوو کەم هەیە لە کاتی نووسیندا بیر لە دنیای منداڵ و چۆنێتی باش نووسین بۆ منداڵ کرابێتەوە و فەرهەنگە نەشیاوەکانی دنیای گەورەکان تێکەڵ بەدنیای منداڵان نەکرابێت.

٢- ئەگەرچی ئەدەبی منداڵان، یان نووسین بۆ منداڵان، نووسینە بۆ نەوەی داهاتوو و شێوازیکی گرنگی پەروەردە و گۆشکردنی منداڵە، تا ئێستاش کەمن، ئەوانەی لە نووسین بۆ منداڵان چ هۆنراوە، یان چیرۆک، ڕەچاوی وشەی نەشیاو و نەگونجاو دەکەن.

٣- مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین، شاعیرێکی لێهاتووی بواری منداڵانە و شارەزاییەکی باشی لەم بوارەدا هەبووە و توانیویەتی پەیامی پەروەردەیی و گۆشکردن و ئاکارە وەرزشییەکانی بەزمانێکی بێ گرێوگۆڵ لەڕێگەی هۆنراوەکانییەوە بە منداڵان بگەیەنێت و خزمەتێکی باشی پەروەردە و فێرکردن بە کۆمەڵی کوردەواری بکات.

٤- بەکارهێنانی دیالۆگ لە هۆنراوەدا داینەمۆی بزوێنەری ڕەوتی هۆنراوەکەیە و بابەتەکە لە مێشکی منداڵدا هەڵدەگوزێت و هۆش و هەستی بەرەو ئامانجەکە کۆدەکاتەوە.

### سەرچاوەکان:

- بارانی ڕەنگاوڕەنگ، کۆی بەرهەمەکانی مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین، ساغکردنەوە و نووسینەوە و ئامادەکردنی: کاوە ئەحمەد میرزا، سەلام مستەفا. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کتێبی سەردەم ژمارە (٣٥٦)، سەرپەرشتیاری گشتی زنجیرە (ئازاد بەرزنجی)، سلێمانی ٢٠٠٦.